

# یی سان ..

یی سان وەک دۆنگی دەنگی نەداوەتەوە ناسراوێکی گرینگی ڕەچەشکێن نی یە لەزۆربەی چیرۆکخوانە ئەفسانەییەکان شێوازێکی ئاوامان بیستووە پێشخەوی سەردەمی منداڵیمان بووە ، لەلایەکی تر دۆنگی ناوازەیە کچە هەژارێکە گەورەترین پایە وەدەست دێنێ سەرڕا هەر بەهەژاردۆستی ناو هەژاران دەمێنێتەوە بەڵام یی سان نەوەی پاشایە هەرچی بیکا هاتی ژیانی ئەو هەڵکەوتەی داوەتێ وەک دۆنگی سەمەرەنی یە ! هەر بەپاشایی دەمێنێتەوە سەرەڕای جوامێریەکەی . لەبەرئەوەی دۆنگی کاریگەری تەواوی بەجێهێشت لەسەر بینەری کورد هەموو دراماکانی دوای ئەویش بەئاستی بەرهەم ، داهێنان ، توانای دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی ئەو بەراورد دەکرێن .




## ماوکە نایکە ..

دەنگی یی سانە بەمندالّی کە دەیووت: باوکە دایکە لەدۆبلاژە کوردیەکە سنوربەزێنی باشگۆییان کردووە بەئەندازەیەک دۆبلاژەکە لەگەڵ وێنەی ئەکتەرە مێرمندالّەکە بەلووتێکی قوتی ئەفنەس هاوسەنگ بوو گنیەکەی تێروتەسەل بوو ، خۆ ڕۆڵی پارک دایسوو مندالّەکە دەمبەشیەکەی لەخۆگێل کردن داهێنەربوو بەدەنگە کوردیەکەی لەکۆمێدیا هەڵکێشرابوو هاوڕەنگ و دەنگ بوو ، دەکرێ ستایشی توانامەندی ئەکتەرە دۆبلاژکارەکانی پێ بکرێ و شایستەیە .

## دزینی کامیرا ..

زاراوەیەکی باوی ناو هونەرمەندانی سینەما و تەلەفزیۆنە ، لەکاتێک کامیرا سەرقالّی نیشاندانی ڕۆڵی ئەکتەرێکە لەبڕگەیەکی وێنەگرتن بێ مەبەست ڕۆڵی ئەکتەرێکی تر بەگرینگ چاوکێش نمایش دەکا . ئەو ساتە دزینی کامیرایە لەوانەیە ڕۆڵی کورت و کەمی ئەکتەرێکی ناسەرەکی بەشێوەی جوان و سەرەکی بخاتە ڕووی بینەر . لەدرامای یی سان چەندی کامیرا چەقەکەی بەدەوری شازادەوەیە بەلاّم زۆرجار دایسوو یا جۆنگی ئەمیندار یان مامۆستا هان بەدانایییەکەی سەرڕای نافرەجایی یا باشی ڕۆڵەکە کامیراکەی لێ دەدزن هەندێ جاریش دەموچاوی ترسناکی

شەڕخوازەکان یا کڕنۆشی بەردەست و یاوەرەکان چاوکێشن واتە کامیراکە دەدزن .

## نیگارسازی ..

سەرتۆپی دراماکە بەوێنەکێشی نیگارمەندی دەستی پێکرد ، سەرەتا وێنەن دوایی گیانیان بەبەر دەدرێ دەجوڵێنەوە لێرەوە دەرهێنەر نیشانی دەدا وێنەکان چارەسەر و بکرەوەی زۆرینەی گرێ کوێرە و کێشەکانن ئەوەش تایبەتمەندەیەکی ترە . ئەوکاتە نیگارکێشەکان لەجیاتی کامیرا و کامیرامانی بەکارهاتوون تۆماری نەخشە و ڕووداوەکانیان کردووە . سودی زۆریان گەیاندووە لایەنێکی گرینگی سیاسەت و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بووە .گرێدراوە بەبینینی خەونێکی نەزۆکی ئەفسوناوی پاشا بڕیاری سزای شازادەی جێنشین لەسندوقێکی برنج دەدا ، زیندەبەچاڵ دەکرێ بەپلانێکی داڕێژراوی بەرەی نۆرۆن و هەڵگەڕانەوەی سێ تفەنگ بەدەستی وەک ساداتی سەرۆکی میسریان کوشت ، ئەرێ وێنەکان لەوێ ئاوایین:

http://www.youtube.com/watch?v=FtNt9_Fskg4&feature=related

## کارەکتەرەکان وێک دەچن !

هەندێ پێیان وایە درامای یی سان گیراوەی دراماکەی دۆنگی یە بەئەندازەیەک بێ توانایی پاشاکان وەک یەکە ، چۆنسوو ـ دایسۆن ، لێرە بەرەی سۆرۆن ژێردەستە لەوێ سەردەستە بوون یا پێچەوانەکەی بۆ بەرەی نۆرۆن دەشێ ، بوونی کەسایەتیەکان وەک شازادەی منداڵ ، دایکی شازادە ، کەنیزەکەکان ، ڕۆڵی وەزیرەکان و ژنەکان ... تاد .ڕاستی یەکە لەکوردستان دۆنگی نیشاندرا ئەوجا یی سان کاتێک درامای یی سان لەنێوان ساڵانی 2007 / 2008 و دۆنگیش 2010 بەرهەم هێندراوە ! لەم لینکەی خوارەوە ئەو لێکچوونە وێنەیانە دەبیندرێ:

http://www.youtube.com/watch?v=q2hMrF7xDNM&feature=related

## مافی دۆبلاژکارەکان ..

بەدبەختی ئەکتەرە کوردەکان لەوەدایە دەرناکەون و مافی خۆیانە لەگەڵ نوسینی ناوەکەیان وێنەیەکیان دەربکەوێ تا بناسرێنەوە ، ئەوە ئەرکی بەڕێوەبەری بەرهەم و مۆنتاژکارەکانە . ڕەوایە لەناونیشانەکانی سەرەتا یا کۆتایی بۆ درامای تر جێگە و پێگەیان بکرێتەوە بینەریش ئاشنای ڕووخساریان ببێ بەڕاستی شایانی ئەو بانگەشە هونەریەن . هەرچەندە هونەری دۆبلاژ و تایبەت دەنگی لەکوردی سەرەتایە مێژوویکی نی یە بەڵام پێویستە هەموو پێداویستیەکانی لەئەرک و ماف جێ بەجێ بکرێ .

## کاردانەوی تەکنەلۆجیا ..

گۆڕانی سەردەم و هاتنە پێشی تەکنەلۆجیا بەتایبەت لەسەدەی هەژدەمی زاینی کاتی مێژووی یی سان وەک پەیدابوونی شەڕە تفەنگ هەروەها دانانی کورسی و مێز لەجیاتی مێزە سندوقۆرەکەی بەردەمیان یا دانیشتنە ئاسیایەکەی چوارمشقی لەمەڕ خۆمان بەڵام بۆ کۆریەکان لەبەر پان و پۆڕێ دامەنی جلەکانیان شێوەی دانیشتنە پڕ ڕێزەکانیان وەک داشەکانی شەترەنجە بنی پان و سەرەوەی سەباز یا ئەسپی خوارڕەو یانیش فیل و وەزیر و مەلیکە ! هەموو ئەوانە تێکەڵێ شەڕە شیر هەروەها تیرو ڕمبازی ، ئەسپ سوارێنەی سوارچاکان بووە .

## خەساوەکان ..

بۆ پارێزگاری ژن و دۆست و کارەکەرانی پاشا تایبەت مێنەکان ، کۆمەڵێ پیاو دەخەسێنران بەبڕینی کۆئەندامی نێرینە یا گون تولۆوخانەوە لۆ بەکارهێنانیان وەک کارەکەر و بەردەستی یانیش ڕاهێنراوی پشتەپیاوی جەنگاوەر و پارێزەر . وەک جاران گایان دەخەساند بۆ جووت کردن تا

هەردەم بەهێز و خۆڕاگربێ ، ئەم کلتورە کۆنە ئاسیاییە و عارەبەکانیش بەکاریان هێناوە پیاویان خەساندووە .




## پەیمانی هاوڕێیان ..

جگە لەوانە و پەندە چینی یا کۆریەکان کە لەم دراما دۆبلاژکراوانە بەرجەستەنە کاریگەری ئاینی بوذی بەرەو چاکە لەڕێنماییەکانی دیارە . پرنسیپی خێزان یا هەستی مرۆڤانە و خۆشەویستی هەوێنی پەیوەندیەکانن تایبەت لەپەیمانەکەی ئەم سێ هاوڕێ یە شازادە ، سۆنیۆن ، دایسون ڕەنگدەداتەوە بۆ گرێدانەوەی پەیوەندیەکانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی و باری کوردستان .

## سۆنگی ..

دۆنگی جەمسەر و کارەکتەری سەرەکی بوو بەڵام لێرە ڕۆڵی کچە نیگارکێشەکە سۆنگیۆن سەرەکی نی یە و یی سان خۆیەتی ، هەرچەندە هەردووک هەر کەنیزەک و دواتر ماشقەی عاشقی پاشا یا شازادەنە بەهەمان قۆناغی پلەوپایە تێپەڕدەبن لێکچوونێکی نزیکەیی بەراوردیان دەکا دەتوانین پێیان بڵێین: سۆنگی .




Dlshadtakana@yahoo.com